کەلتووري بەزين و بەرهەم هێنانەوەي ديتري


**جەليل ئازادیخواز**

**سەرنووسەری هە فتەنامەی ئاسۆ**

**سنە- کوردستانی رۆژهەلاَت**


**بالا بلند!**

**لە بانێژەی بەر چاوم**

**وەک بزافی مەخمەڵی هەور**

**پیٚدابنیٚ.**

**لە هێرشی باڵندەی بیٚداڵدەییدا**

**کە دەگەڕێمەوە ماڵ**

**پێش کردنەوەی دەرگا**

**لە سەر تەختەبەندی هەیوانا**


**خۆت بنوێنە**

**کۆڵە چقڵی: کە باران و سرتەیە**

**وابکە کە شیاوي ئەم کورتە دەرفەتەبە**

**کە دەستی ماندووی تەور وەشێنی کارەسات**

**چ لاسارە چ لاسار**



**شاملو**

ماوەيەکي زورە ئەم رايە ختووکەي ميشك و خەيالم ئەدات کە بەراستي ئەو رەوتە دزيوەي کە کاناڵە کورديیەکاني «کوردسات» وە «کوردستان تیوي» لەبەريان گرتـــووە قەيرانە و بە کورتە زەمەنیَ تيدەپەري. ئەم شيواويي و شلەژاويیە کە بەرئەنجامي ئاسايي ليکترازاني سيستەم و دەسەلآتي ناوەندي عيراق و لەبەر يەك هەلوەشانەوەي تەلەفزيوني نـــاوەندي ئەو ولآتەيە هيور دەبيتەوە و دەگەريتەوە سەر نورمي ئاسايي خوي.

**بەڵام بە تێپەڕبوونی زۆرتری زەمەن و درێژ بوونەوەی قەیرانەکە ئەو واقیعە، بەرجەستەتر بووەوە کە نـەخێر ئـەم رەوت و رووداوە زۆر قووڵـتر لەوەیە کە قەیرانێکی کاتی بێت، ریشە و بنەمای دێرین و جێکەوتووی کەلتوورێکە کە ئەوان خەریکن وێنای دەکەن. ئەویش کەلتووری بەزینە.**

**کەلتووری بەزین ئەو کەلتوورە دزێوەیە کە وا لە نەتەوەی بندەست دەکات کە لە هەر کار و بەرهەم هێنانەوەیەکی خۆیدا چ خوازیار بێـت و چ خوازیاریش نەبێت نموونە و کۆپی پاسەوان و باو کە سەپاوەکەی بەرهەم بێنێتەوە.**

**دیارە ئەم پرۆسەیە لە رووی نەفسییەوە نەخش دەبەستێت و مرۆڤ گرمۆڵە دەکات و بـە یـەک جـاری هەرەسـی پێدێنیـت و والـە مرۆڤـي ژێردەستی دەکات کە جۆرە نامۆ بوون بە خۆ و رازی بوون بە دیتریە لە هاناویدا بخولقیٚ.**

**کەلتووری بەزین ئەو نەریتەیە کە لە رەوتی زەمەنێکی تا رادەیەک درێژخایاندا دەخولقیٚ و سەر هەڵئەدات.**

**رووبەڕوو بوونەوەی نا بەرابەر و داپلۆسـین و هـەرەس و شـکانەیەک لـە دوای یەکـەکان وا دەکـەن کـە جـەماوەری بندەسـت بـە جـۆرە حەتمییەتێکی شکان و دەستەوسانی بگەن، بەرئەنجامی ئەم حەتمییەتەش ئەوەیە کە ئەم بیروڕایە بسەپیٚ کە هێزی سەردەست هێزی مـەزن و لە شکان نەهاتووە و هەر هەوڵیٚ بۆ خۆ دەرباز کردن لە دەسەڵات و سێبەرەکانی ئەو هێزە هەوڵێکی پووچەڵ و نەزۆکە.**

**ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی فەرهەنگی سەردەست ئەوەندە بە خۆ زلزانی و پرۆپاگاندەوە خۆی نمایش دەکات کە دەچێتە دوورترین قوژبنەکانی ژیانی نەتەوەی بندەستەوە، ئیتر مەودای هەناسەدان بە کەلتووری خۆماڵی نادات و برست بڕی دەکات. سـەرەڕای ئەمـەش کـەلتووری خۆماڵی و مرۆڤي بندەست لە ئاست ئەو هێرشە تووشەی کەلتووری سەردەستدا خۆی دەدۆڕینیٚ و کەمکەم دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لە ئاست و لە بەرامبەر ئەم کەلتوورەدا هیچ نیە و هیچی پێناکرێت. واتە دەکەوێتە خۆ دۆڕاندن و پاشەکشە کردن لە بەستێنەکانی ژیانی کۆمەڵگادا.**

**کەلتووری بەزیو و بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەلێن و کەمایەسی و خۆ بە کەم زانینەکانی خۆی دەکەوێتە ئەزموون کردنی زۆر چارە و رێگای سـەیر و باوەڕ پێنەکراو.**

**یەک لەو ڕێگا و شێوانەی کە پێشی دەگرێ ماستاو کردن و خۆ نزیک کردنەوەیە لە کەلتووری زاڵ، لە سەر حسابی کەلتووری خۆماڵی. کەلتووری بەزیو تێدەکۆشێ بە خۆ چواندن بە کەلتووری سەپاوی زاڵ نزیکایەتی‌یەک لە نێوان خۆی و ئەو کەلتوورەدا دروست بکات، دیارە ئەو هەوڵە تەنیا لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کارگێڕانی ئەو کەلتوورە خۆماڵی‌یە لە رووی نەفسی‌یەوە بەزیون و دووچاری هەرەسی رۆحی و رەوانی بوون. دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە جۆرە رەوایی‌یەک بە خۆیان و کەلتوورەکەیان ببەخشن. «لە روانگەی کارگێڕانی فەرهەنگی سەردەستەوە» بێ ئەوەی بزانن کە ئەوە خۆیانن دووچاری وەهمی هەرەس هێنانی کەلتوورەکەیان بوونە و سیما و دەسەڵات و تابۆی هێزی باوکانەی نەتەوەی سەردەست چەواشەی کردوون، نەک هەرەسی کەلتوور و فەرهەنگی خۆماڵی.**

**لە ڕێگایەکی ترەوەوە ئەم کەلتوورە بە خۆ نامۆ بوو و شکاوە بۆ رازی کردنی سەردەمدارانی کەلتووری سەردەست و باوکانە دەکەوێتە پاشەکشێ و چاوە پۆشی کردن لە بەستێن و بوارەکانی رەوایی خۆی لە کۆمەڵ و ژیانی جەماوەردا. بە جۆرێ دەکەوێتە پڕوپاگاندە کردن بۆ کەلتووری سەردەست و خۆی دەکاتە پاشکۆی ئەم فەرهەنگە. تێدەکۆشێ لە ڕێگای پەرەسەندن و پڕوپاگاندە کردن بۆ ئەو کەلتوورە و کێشانی بۆ ناو ژیانی کۆمەڵ و جەماوەری بن‌دەست. جۆرە خۆ خۆشەویست کردن و بەها بەخشێنێ بۆ خۆی بەدەست بێنێ لە لایەن جڵەوکێشانی کەلتووری سەردەستەوە.**

**ناچار کردنی نەوە یەک و گەلێک بۆ دیتن و بینینی بەها و نرخی فەرهەنگی سەردەست  کە بە هیچ جۆرێک پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵی نیە هەڵدێرە ڕێگایەکی‌تری کەلتووری بەزیو و شکاوە بۆ گەیشتن بە پەراوێزێکی مسۆگەر کراو و پارێزراوی کەلتووری باوکانەی سەپاو کە تیایدا بەزەیی و میهرەبانی لێ سواڵ بکرێت و ئەم یا ئەو لایەنی خۆ چووک بین پێشبرکیی لە سەر دەکەن و دەیانەوێ بە دەستی بێنن.**

**جۆراو جۆری و هەمەرەنگی هونەری و کەلتووری پرۆژەیەکی بە ئارەزوو و درێخایەنە کە گەلی ئازاد توانیویەتی بە هۆی خاوەن‌داریەتی شوناسێکی تۆکمە و بەرینی هەمەلایەنەوە و ئاوڕی لێبداتەوە کە کۆ سەرچاوەیەکی لە بڕان نەهاتووی پەیوەندی فەرهەنگی هاوسان بۆی رەخساندووە.**

**لەم رەوتەدایە کە مرۆڤ و گەل دەتوانێ بە هۆی ئەم سەرچاوانەوە هەندێ شتی تازە بخولقێنی و بە شێوەیە کە خۆی دەیەوێت رێکیان بخات. لەم ڕێگایەوە بەو جۆرەی کە خۆی دەخوازێ شێوە و جۆری رێکخستنی بە جیهان ئەداتەوە کە پێی پەسەندە و لە سایەیی ئەم رەگەزە نوێیانەوە ژینگەیە بۆ خۆی درووست دەکات کە هەرچی باشتر و چاکتر تایبەتی خۆیەتی و هاوسازە لەگەڵ بوون و سروشتی خۆیدا.**

**لە میانەی کۆیەکی هەرە فراوان و رەنگین‌دا لە کەلتوور و رەگەزە کەلتووریە رەنگاوڕەنگەکان خۆی بە دەستی خۆی بوون و کاکڵەی خۆی دەسازێنێ و بنە و پێکهاتەکانی دەنەخشێنێ.**

**بەم پێیە لەم پرۆژەیەدا مرۆڤ و گەل یەک روانگەی دیار و روون دەبەخشێتە هەموو هەوڵ و رووداوەکان کە بریتیە لە دوور خستنەوە و لابردن و رەت کردنەوەی بیر و باوەڕ و کەلتوورە یەک دەنگ و دەستەکان و بە دەست هێنانی ئەندێشەیەکی بزۆز کە دەبێتە هەوێنی هاودڵی و خولقاندن و ئافراندنی دوو لایەنەی کەلتوورەکان و نرخی ئەم بەها مرۆڤایەتی‌یە.**

**بە ئاوڕدانەوەیەک لە بەرنامە و کارە فەرهەنگی و هونەری‌یەکانی  دوو تەلەفزیۆنی کوردی باسکراو مرۆڤ بە وردی و راشکاوی دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە دوو کەلتووری نابەرابەر رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە کەلتوورێکی بە خۆ نامۆ بوو کە هەل و مەودای رزگار بوون لە تابۆی فەرهەنگی سەردەست بۆی رەخساوە. بەڵام هەر وەکو لە سەرەوە باسکرا چون دووچاری شکانێکی نەفسی بووە یان وەهمی ئەم شکانە لە لایەن کارگێڕانیەوە جێگیر بووە هێشتا باوەڕی بە خۆی نیە کە ماوەیەکی زۆر و زەبەندە توانیویەتی بوونی خۆی نیشان بدات و لە ڕێگای نمایش کردنی خۆیەوە توانیویەتی ئەم واقیعە بەرجەستە بکاتەوە کە هیچ فەرهەنگێ لە فەرهەنگی‌تر بەرتر نیە. خاڵی هەرە گرنگ و پڕ بەها بوونی کەلتوورەکان جیاوازی ئەم کەلتوورانەیە. بەڵام وا بۆ ماوەی چەندین مانگ زیاتر دەچێ کە ئەو دوو میدیایە خۆیان کردۆتە پاشکۆی فەرهەنگی عەرەبی و بە شێوەیەکی بەرچاو لە رەوایی خۆیان کشاونەتەوە و خەریکن ئەم ئەرک و بەرپرسایەتی‌یە بسپێرنە دەست فەرهەنگی عەرەبی کە دیارە کۆ هۆکارێکی  دیار و نادیار لە پشت ئەم رەوتە خۆیان حەشار داوە.**

**وەک ئەوەی کە هەموو ئەو بەها بەخشینە بە رەگەزە بە ناو فەرهەنگی‌یەکان کە لە لایەن دەسەڵات و سیستەمی قودرەتەوە دانراون و کراونەتە نرخ و بەها توانیویەتی لە هیکەل و ساختی کۆمەڵی عێراق و بەوەشەوە لە کۆمەڵگای  کوردەواریدا جێگیر بێت.**

**ئەم جێگیر بوون و بەها درۆینە بەخشینە وای کردووە کە ناهۆشیارانە و دوور لە ژیری کار بەدەستانی ئەو میدیایانەش بکەونە ناو ئەم هەڵەیەوە کە هەموو دیمەنەکانی فەرهەنگی عەرەبی بەهان و هەرچی خۆی لێ نزیک بکرێتەوە زیاتر رەوایی و بەها بۆ فەرهەنگی خۆماڵی دابین دەکرێ کە رەوتی رووداوەکە لە راستیدا بە پێچەوانەوەیە و دەبێ لە بەری بەرین و گەشەدار کردنیان هەوڵی بەرگرتن و رەوانەوەیان بدرێت.**

بەر بڵاو بوونی بەرنامە عەرەبییەکانی ئەم دوو تەلەفزیۆنە بە رادەیەکەو لەم رۆژانەدا ئەوەندە زۆرە ئەگەر کەسێ شەقڵی سەرشاشەکان نەناسێت وادەزانێ ئەم میدیایانە عەرەبین و لە لایەن کاربەدەستان و کارگێڕانی فەرهەنگی عەرەبییەوە بەڕێوە دەچن.

بڵاو کردنەوەی بەردەوام و بێپسانەوەی گۆرانی عەرەبی بە درێژی ماوەی پەخش و تەرخان کردنی زۆربەی کاتی پەخشی ئەم دەزگایانە بۆ زمانی عەرەبی هەر لە هەواڵ و گۆرانی و دراماوە بگرە تا بەشەکانی‌تری کەلتووری عەرەبی ئەو راستیانە دەردەخەن کە وەهمێکی بەزیو لە بەرامبەر دەسەڵاتی فەرهەنگی عەرەبیدا رۆژ بە رۆژ پاشەکشێ دەکا و دەیەوێ لە رێگای پەرەدان بەم فەرهەنگەوە رەوایی بۆ خۆی بەدەست بێنێ و خۆی بە پاشکۆی ئەم فەرهەنگە نەبێ بە شتێکی دیکە نازانێ.

وە نەبێ هەوڵی پاشکۆ بوون و وەهمی بەزین هەر ئەوەندە بێت و بەس ئەم کارە تراژیکە بەرادەیە تەشەنەی کردووە کە بە هەزار ناز و تەمەناوە دەستە و گرووپە عەرەبییەکان بانگهێشتی کوردستان دەکەن و بە بووجە و هەزینەیەکی زۆرەوە دەیان هێنن کۆیە بەرنامەی نافەرهەنگی نمایش دەکەن و دەبێ جەماوەریش هەم سەیریان بکەن و گوێیان لێبگرن و هەم پارەش بۆ ئەم سەیر و گوێگرتنە بدەن، ئەم پرسە دێتە پێشەوە کە بە راستی ئایا جگە لەو هۆکارانەی کە باسکران چیتر دەتوانێ وا لە کار بەدەستان و میدیاگێڕانی کورد بکات کە بەم فراوانی و پەرۆشییەوە بکەونە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی عەرەبی و جەستەی فەرهەنگی خۆیان وێران و وێرانتر بکەن. ئایا نازانن خەریکن بە خۆڕایی و لە سەر مەسرەفی خۆیان جەماوەر بەرەو بە عەرەب بوون دەبەن و بنەماکانی فەرهەنگی خۆماڵی خۆیان کرمۆڵ دەکەن.

رەنگە کەسانێ هەبن بڵێن ئەمە رێز و سەربەستی و هەوڵی گۆڕینەوەی سەربەستی فەرهەنگییەو هەوڵێکە بۆ ئاشنایی و ئاشتی نێوان ئەم دوو کەلتوورە ئەگەر وایە کێ وڵامی ئەم پرسە ئەداتەوە کە بۆ چی لە هەموو دنیای عەرەب و لە ناو عەرەبەکانی عێراقیشدا بە درێژی تەمەنی گەلی کورد و ژیانی پڕ تەنگەژەی کەلتوورەکەی یەک هەزاری ئەم هەوڵەی کوردەکان بۆ فەرهەنگی عەرەب ئەیدەن لە لایەن عەرەبەکانەوە خەم خۆری بۆ فەرهەنگی کورد نەکراوە.